## مەریوان هەڵەبجەیی شێمشێری بۆ سەربڕین پێویستە یان باڵی بۆ فڕین مەبەستە؟! ... سۆران عومەر

لام ڕونە ئەوانەی كە خاوەنی فیكرو ئایدۆلۆجیا نین بە موهاتەرات و نوسینی دوور لە زانستی و پڕ لە جنێوو بوهتان و بێ سەرچاوە دەنوسێت بە ئامانجی ئەوەی خۆی بكاتە سەلمان ڕوشدی و نێر حامد ابو زید بۆ ئەوەی مافێكی حیزبی كە ئەرزەو پارەو حیمایەو ئیعتیبارە بەدەست بهێنێت، یان لە ئەوروپا مافی پەناهێندەیی پێ وەربگرێت، ئەو بیر نەخۆشانەی كەوەك ناوبراو بیردەكەنەوەو پێیان وایە بەوجۆرە ئیعتیبار وەردەگرن ئەوە لە ئاوی لێڵ دا مەلەدەكەن و خۆیان توشی نەفرەتی گەلەكەیان دەكەن، چ كەسێك ئەمە بە نوسین و ڕەخنە دەزانێت ئەگەر بۆ خودی خۆی خاوەنی پەیام و بەهایەكی ئینسانیە؟!:
لە لاپەڕە (٢١٣) دا دەڵێت: [ئەم پەرستگایەش –مەبەستی نووسەر پەرستگای (گاجوڕا) ی هیندییەكانە- مزگەوتی موسڵمانان بیر دەخاتەوە كە لە جیاتی عەورەت و جوتێ گونی ڕاستەقینە، منارەیەكیان بەرز كردۆتەوە و لەملایەوە دوو قوببەشیان بۆ چەقاندووە و بە وێنەی عەورەتێك و جوتێك گون لە ناوڕاستی مزگەوتەكانەوە بەرز بوونەتەوە و دەنگ و بانگی (اللە اكبر) یان لێوە دەبیستنڕ.]

لە لاپەڕە/٢١٩دا دەڵێ: [حەزرەتی ئیبراهیم بۆ دەسكەوتی ئابووریی، دوو جار ژنەكەی بە ناوی خوشكی خۆیەوە ناردووە بۆ لای دەسەڵاتداران و هەردوو جارەكەش لەشفرۆشی پێوە كردووە].

لاپەڕە/٢١٩ دەڵێت: [لووتی (لوط) پێغەمبەریش دوو شەو لە گەڵ دوو كچە پاكیزەكەی خۆی جووت بووەو دوو منداڵیشی لێیان بووە].

بەرامبەر بەداوود پێغەمبەر سەلامی لێبێ دەڵێ: [داوودیش شەڕواڵ پیس بووەو زینای كردووە! و و و.. ] بەرامبەر بە سولەیمان پێغەمبەر سەلامی لێبێ دەڵێ: [شاعیر بووەو بە شیعر باس لە مەمك و ڕانی خڕو ناوك و سەرینی كچەكانی (ئورشەلیم) دەكاو لە غەزەلێكدا باس لەوە دەكات كە چۆن لە دەرگای داوەو دەستی خۆشەویستەكەی لە پشت دەرگاكەوە بینیوەو دەروونی جۆشاوە.. ].

لە پاشاندا دێتە سەر پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) ئەو كەسەی كە پاكترینی مرۆڤەكانی سەرزەوی بووەو پێشەنگ و سەرقافڵەی پاكێتی و سەربەرزی و دادپەروەری و هەرچی سیفەتی باش هەیە بوو، پاش ئەوەی گاڵتەجاری بە عەقڵ و ژیری پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) دەكات، ئەوجا بەویشەوە ناوەستێت و دێتە سەر خێزانە پاكەكانی كە بە دەقی ئایەت دایكانی ئیماندارانن، دەڵێ: [بۆیە ئەم ڕیوایەت و ئایەتانە ئەو گومانانەمان لا دروست دەكەن كە ژنانی پەیامبەریش وەك هەر ژنێكی ئاسایی دیكە خرۆشی سێكسی جوڵاندبنیو لە دەرەوە سێكسبازیان كردبێ و ئەم مەسەلەیەش گەشتبێتەوە بە پەیامبەرو ئەو ئایەتەی لە سەر نوسرابێ.. !!]. لە لاپەڕە ٢٥٢ دەڵێ: [یەكێك لە كارە نامۆو سەرسوڕهێنەرەكانی ئسلام و قورئان و فەرموودەو مێژووی ئیسلام، قسە كردنە لە سەر

پێغەمبەرەکە وەك هێمایەکی مەعصووم و مومارەسەی چەندین حاڵەتی سێکس و زۆرە ژنی کردووە].

لە لاپەرە ٢٦٩ دەڵێ: [لە کاتی جیهادی موجاهیدەکاندا، موسڵمانە ئیماندارە بە جێماوەکانی مەدینە، کە زۆربەیان سەحابە بوون و بۆ جیهاد نەچووبوون، هەڵیان دەکوتایە سەر ژنی ئەو ئیماندارانەی بۆ جیهاد چووبوون لە گەڵیاندا ڕایان دەبوارد.. هتد].

لە لاپەرە ٢٧٥ دەربارەی خەڵیفە عومەری کوڕی خەتاب خوا لێی ڕازیبێ دەڵێ: [ئەم خەڵیفە ئیماندارە (واتە: عومەر) دادەنەوێتەوە ماکسیەکەی (ام کلثوم) هەڵدەداتەوەو سەیری قاچ و پوزی دەکات... هتد].

ئەم پەرەگرافانە لە سایتی دەنگی ئیسلام وەرگیراوە.
ئەگەر مەریوان هەڵەبجەیی خاوەنی دڵێك غیرەت و زانستە من ئامادەم سەلامەتی ژیانی بپارێزم چ کەناڵێك هەڵدەبژێرێت کوێی پێ خۆشە بەویستی ئەو بابێت گفتوگۆی ئەو نوسینەی دەکەین لە پێش چاوی هەموو خەڵکی کوردستان، ئەگەر ئەشیەوێت بەم نوسینە خەڵك لەئیسلام دوور بخاتەوە ئەوە سەری دای لە تاشەبەردەکانی شاخی شنروێ، ئەگەر خۆشی لێ زیادەو دەیەوێت ببێت بە قوربانی ئەوە شتێکی ترە، چونکە ئەو نوسینانەیە کە عونف بەرهەم دێنێت و توندوتیژی بەرپا دەکات، با هەموو مەریوانەکان ئەوە بزانن کە خەڵك شەق لەو ئازادیە هەڵدەدات ئەگەر ئەمەبێت کە مەریوان هەڵەبجەیی مومارەسەی دەکات و وەزارەتی ڕۆشنبیری ژمارەی سپاردنی پێ بدات بۆیە داوا دەکەم کە سیاسیە هۆشیارەکانمان بەربگرن بە نوسینە ترسناك و خوێناویانە چونکە بەرپرسیارێتی هەرکارەساتێك کەلەم نوسینانەوە بەوێنەی دانیمارك دەکەوێتەوە لەئەستۆی بکەری یەکەمە، داواش دەکەم کە زانایانی بەرێزی ئاینی ئەگەر دەسەڵاتداران گوێیان بۆ دەگرن و ڕێزیان دەگرن بەدەنگ نارەزایەتیانەوە بچن وەك چۆن هانایان بۆدەبەن لە مینبەری مزگەوتەکانەوە دژ بە ڕوداوێك بوەستنەوە کە بۆ ئەمنی قەومی و بەرژەوەندی نەتەوەکەمان مەترسییە، ئەگەر ئەمە نەکەن ئەوە ئەو کتێبە بکرێتە زمانی عەرەبی و بدرێت بەدونیای ئیسلامی سومعەی میلەتەکەمانی پێ لەکەدار دەبێت ئێمە گەلێکی مسوڵمانین و ڕێ نادەین بەو جۆرە بێ حورمەتیانە دژ بە دینەکەمان ئەگەر پێمان بڵێن ئیرهابی و تیرۆریست ئەوە جێی شانازیە بۆمان کە لە پێناو بەرگرتن بەو بێرێزی و نوسینانەدا بێت، پێویستە مەریوان هەڵەبجەیی بە کتێبەکەی خۆی بسوتێنرێت لە ئازادیترین کەش و ڕێز گرتن لە جوانترین ساتی ئازادی بیرو ڕادا، بۆ ڕێز گرتن لەو دروشمانە پێویستە ئەوە پیادە بکەین ئەوەی کە بێ ڕێزی بە ئازادی ڕادەربڕینەوە بکات دەبێت کەسمان لێی قبوڵ نەکەین و لە یادی ئەو ڕۆژەدا کە کورد ڕاپەڕی بۆ ئەم ئازادی و ڕاپەڕینە مەریوان هەڵەبجەیی ئەورۆژە بە سزای خۆی بگەیەنرێت ئەگەر تەوبەی نەکرد و پەشیمان نەبویەوە لەم کتێبەی. ئەگەریش پەشیمان بویەوەو دانی بە هەڵەکەیدا نا ئەوە کەسێکی بەڕێزە و هەموومان تەقدیری هەڵەکەی دەکەین بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر وای نەکرد ئەوە خوێنی حەڵاڵە و ژیانی بۆ ئەهلی ئیسلام شەرمەزارییە.

soranomar2006@yahoo. com
کوردستان – سلێمانی